# ڕەنگدانەوەی عیرفان لە شیعرە کوردییەکانی صافی هیرانیدا

**پ. د. ئاراس محمد صالح** **پ. د. صەباح محمد بەرزنجی**

**زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان**

**کورتەی توێژینەوە**

ئەدەبی عیرفانی، یان شیعری سۆفیگەری لەناو دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە، ئەوەش بە کاریگەری ئەوەی کە ئەو شاعیرانە دەرچووی خوێندنی ئاینی و مزگەوت بوون، بەشێکی زۆریان پابەندی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان بوون، ئەمەش هۆی سەرەکی ئەو ڕەنگدانەوە زۆرەی شیعرو زاراوەکانی سۆفیگەرییە لە ناو بەرهەمەکانیاندا.

شاعیری بەهرەمەند صافی هیرانی وەک مامۆستایەکی ئاینی و شێخێکی تەریقەتی قادری هەر زوو کەوتووەتە بەر کاریگەری ئەدەبی سۆفیگەری، شاعیر لە ڕیگەی شیعرەوە هەستی و خۆشەویستی خۆی دەربڕیوەو بە زمانی عارفێکی تێکەڵاو بە عەشقی حەقیقی شیعری وتووەو کەفوکوڵی دڵی خۆی هەڵڕێژاوە.

صافی هیرانی لەناو عەشقی حەقیقی خوای گەورەدا تواوەتەوەو تەواو خودی خۆی لەبیرکردووە، هەموو کات لە هەڵپەی دنیا کەناری گرتووەو نەیویستەوە تێکەڵاوی ئەو ژیانە جەنجاڵەی دنیاداری ببێت، هەموو کات پەناوی بۆ زوهد و خواناسی بردووەو هیوای خواستووەو بگەڕێتەوە بۆ ژیانی سەرمەدی کۆتایی لە کێشەکانی ژیانی دنیا دەربازی ببێت، هەموو ئەمانەش بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە.

## پێشەکی

عیرفان و سۆفیگەری ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لە ناو شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا، بەهۆی ئەوەی هەر لە کۆنەوە شاعیرانی کورد کە دەرچووی خوێندنگە ئایینیەکان بوون و زۆریان موریدو شوێنکەوتووی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان بوون، جیهانی سۆفیگەری و ڕەمزو کەلتوری تەصەوف کەرەستەی ئەدەبی زۆر لە خۆدەگرێت، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە شیعری عیرفانی بەشێکی زۆری دیوانی شاعیرەکان داگیربکات.

صافی هیرانی وەک زانایەکی ئاینی و پەروەردەی نێو تەکیە و مزگەوتی بنەماڵەکەیان، هەر زوو کەوتووەتە ناو جیهانی سۆفیگەری و لەناو زیکرو کۆڕی گەرمی دەروێشانی تەریقەتی قادریدا گەشەی کردووە، ئەو پەروەردە ئاینی و سۆفیگەرییە دواتر ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر کەسایەتی و لەناو شیعرەکانیدا.

سۆفیگەری و بێگەردی گیان و دەروون و موناجات لەگەڵ خوای گەورەداو توانەوە لەناو عەشقی حەقیقی و ڕاکردن لە جیهانی جەنجاڵ و پڕ کێشەو ماندووبوونی گیانەوە بۆ جیهانی پاک و بێگەردو ئارامی گیان و دڵ، هەموو ئەمانە ئامادەیی تەواویان هەیە لەناو شیعرەکانی صافی هیرانیدا.

ئەم توێژینەوە هەوڵێکی زانستییە بۆ لێدوان لە جیهانی عیرفان لەناو شیعرەکانی صافی هیرانیدا، بەو هیوایەی ببێتە هەنگاوێکی باش بە ڕێگەی توێژینەوەی زیاتر لەبارەی دیوانی شاعیری بەهرەمەند صافی هیرانیەوە.

**گرنگی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە باس لە لایەنێکی گرنگی وەک عیرفان دەکات لەناو شیعری شاعیرێکی بەتوانای وەک صافی هیرانی، بەپێی

ئاگاداری تـوێژەرانیش هەتـا ئێسـتا لێکـۆڵینەوەی زانسـتی لەبـارەوە نەکراوە، لێرەوە گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە زیاتر دەردەکەوێت.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئایا لە نێو شیعرەکانی صافی هیرانیدا عیرفان هەیە؟ ئەو لایەنە عیرفانیـانە چـین لای صـافی؟ هیرانـی شـاعیر بە چ شـاعیرو تەریقەتێکی عیرفانی کاریگەر بووە؟ ئەو توێژینەوە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

**ڕێبـازی تـوێژینەوە:** ئەم تـوێژینەوە بە ڕێبـازی زانسـتی وەسـفی شیکاری دەنووسرێت.

## دەستپێک

### چەمکی عیرفان و سۆفیگەری لەناو شیعر و ئەدەبی کوردیدا

سـۆفیگەری وەک قوتابخـانەیەکی ڕۆحـی و عیرفـانی، ڕەگوڕیشـەی دێرینـی هەیە لە نـاو ڕەوشـی ئاینـداری کوردسـتاندا، بەهـۆی ئەوەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیش دەرچووی مزگەوت و قوتابخانە ئاینیەکان بـوون و زۆرێکیـان پەیوەسـت و کـاریگەربوون بە ڕێبـازە سـۆفیگەرییەکان، هەمـوو ئەمـانە وایکـردووە کە ڕەوش و سـروت و زمانی عیرفـانی ئەو ڕێبازانە ڕەنگدانەوەی زۆری هەبێت لەنـاو شیعرو ئەندێشەو بیرکردنەوەیاندا (ڕەسوڵ،٢٠٠٨، ل٣٥٨ بەدواوە)، (ڕەسوڵ، ١٩٨٥، ل-٦١٥٢).

هەر لە کۆنەوە شاعیرانی وەک مەلای جزیری و ئەحمەدی خـانی و خانـای قوبـادی و زۆرێـک تـر لە شـاعیرە گەورەکـان کـاریگەربوون بەو ڕێبـازە سـۆفیگەریانەو زاراوەو چەمکەکـانی سـۆفیگەری بە ڕوونـی ڕەنگـدانەوەی هەبـووە لە نـاو بەرهەم و دیـوانە شـیعرییەکانیاندا، لە سـەردەمی دوای ئەوانیشـدا شـاعیرانی وەک مەحـوی و مەلەوی

گەیشتوونەتە لوتکەی شیعری عیرفانی و تەواو تێکەڵاوی ئەو جیهانە عیرفانیە بوون. (شوان، ٢٠٠١، ل٣٢٣).

شاعیری بەهرەمەند صافی هیرانی پەروەردەی بنەماڵەیەکی ئاینپەروەرو زانستی و پابەندی ڕێبازی سۆفیگەری تەریقەتی قادری وەک شێخێکی ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییە کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی شیعری عیرفانی و لەناو جیهانیە ڕۆحdیەکەی شیعری سۆفیگەیدا ئەفراندنی کردووە، شاعیر تەمەنی سی ساڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە دوای مردنی باوکی بووەتە جێنشینی وەک ڕابەرێکی تەریقەتی قادری تەکیەی بەڕێوەبردووە، لەوە بەدواوە شیعری داناوەو نازناوی (صافی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ئەم وشەیە بە مانای دڵپاکی و خاوینی بیروباوەڕ هاتووە، بێگومان وەک زاراوە پەیوەندی بە سۆفیزمەوە هەیە. (خەزنەدار، ٢٠٠٥، ب٥ل٣٢٥-٣٢٦. هەروەها. (هیرانی، ٢٠١٥، ل ٩٥ بەدواوە).

شیعری سۆفیگەری بەرهەمی بیرو ئەندێشەی سۆفیەکانە، ئەوانەی لەناو عەشقی حەقیقیدا تواونەتەوەو خۆیان لەبیرکردووە، شیعری سۆفیگەری دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەیە لە نێوان عاشق و مەعشوقدا، هەستێکی قوڵی خۆشەویستی هەتا ئاستی خۆلەبیرکردن، شیعری سۆفیگەری پڕە لە ڕەمزو هێماو زمانی تایبەتی دەربڕین، ئەم جۆرە ئەدەبە چێژێکی تایبەتی هەیە لای خوێنەر، شیعری سۆفیگەری کاریگەری زۆری هەبووە لە سەر ڕەفتارو ئاکاری خەڵکی بەدرێژایی مێژووی دەرکەوتنی.

بۆ ئەوەی دەقێک بە شیعری سۆفیگەری دابنرێت پێویستی بە کۆمەڵێک خەسڵەت و ئەدگاری تایبەت هەیە، زۆرێک لە لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب جیاوازی دەکەن لە نێوان شیعری ئاینی و شیعری

سـۆفیگەری، بەلایـانەوە وایە هەمـوو شـیعرێکی ئـاینی نـاچێتە نـاو چوارچێـوەی شـیعری سـۆفیگەرییەوە، چـونکە بەلای ئەوانەوە شـیعری سۆفیگەری کۆمەڵێک تایبەتمەنـدی خـۆی هەیەو پێویسـتە بەشـێک یـان هەموو ڕەگەزەکانی شیعری سۆفیگەری لەنـاو دەقێکدا بێت ئەوکاتە بە شـیعری سـۆفیگەری، یـان عیرفـانی دادەنرێـت، لە گرنگتـرین ئەو تایبەتمەندیdانە:

یەکەم: زاراوەی سۆفیگەری: لای سۆفی و عاریفەکان زمانی حاڵ هەیەو دەربڕینی تایبەتی خۆیانە، زۆرجار کە باس لە عەشقی حەقیقی دەکەن بە زمانی عەشقی مەجازی دەریدەبڕن، یان کاتێک دەیانەوێت باسی لە مەستی و خۆشیەکانی دنیایی خواناسی بکەن، بە ناوی مەی و بادەو مەیکەدەوە دەریدەبڕن، شیعری عیرفانی زمانی تایبەتی خۆی هەیەو زۆرێک لە وشەو دەستەواژەکان لای عاریفەکان واتای ڕووکەشی خۆیان لەدەستدەدەن و واتای چەمکیکی تر لە خۆیان دەگرن. (کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣، ل٦٩ بەدواوە).

هەروەکو حەزرەتی مەحوی فەرموویەتی:

بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چبکەن!

بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم چبکەم؟. (مەحوی، ١٩٧٧، ل٢٣٠)

هەروەها صافی هیرانیش دەڵێت:

دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا

گویێ لە دەنگی سازو عوود و بەزمی ئای و نەی دەکا

سەردەمێ مەست و خومارە خادیمی مەیخانەیە

وەقتی تەسبیحی لە دەستە صۆفیە حەی حەی دەکا. (هیرانی، ٢٠١٥، ل١٧٨).

دووەم/ تـوانەوەی عاشـق لە نـاو مەعشـوقدا: لای سـۆفیەکان عەشـق ئەوەیە کە کەسی عاشق هەستەکانی لە دەست بدات و لە جیهانی مـادی

بچێتە دەرەوەو تێکەڵاوی مەعشوقەکەی بێت، بەجۆرێکی وەها لەناو مەعشوقەکەیدا بتوێتەوە کە ئاگای لەم جیهانە نەمێنێ تەنها مەعشوقەکەی ببینێت، هەروەکو مەحوی ئەڵێت:

لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕ پێوانە، سووتانە

هەتا مردن مەحببەت ئیشی زۆرە ڕێزی لێدەگرم. (مەحوی، ١٩٧٧، ل٢١٩).

مەحەبەت و خۆشەویستی لە پێناوی مەعشوقی حەقیقیدا ئیش و ئێش و ئازارو ماندبوونی زۆرە، هەتا مردن و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار ئەم عەشقە بەردەوامەو دەبێت کەسی عاشق ڕیزیان لێبگرێت و بۆ تەنها ساتێک لێیان بێ ئاگا نەبێت.

سێیەم/ شەڕکردنی لەگەڵ داخوازییەکانی دەرووندا (النفس): دەروون و خواستەکانی بە کۆتا ناگەن و هەرگیز تێرنابن، تێکەڵاوبوون لەگەڵ خواستەکانی دەروونا دوورکەوتنەوەیە لە عەشقی حەقیقی، هەر بۆیە عاریفەکان بەردەوام لە شەڕدان لەگەڵ خواستەکانی دەرووندا، کەسێکی وەک مەحوی دەروونی خۆی بە مار ناو دەبات و سکاڵا لە دەستی دەکات و نازانێت ئەو مارە چۆن چارەسەر بکات و لە دەستی ڕزگاری ببێت، هەروەکو دەڵێت:

ئەسیر و صەیدی قەیدی کەید و شەیدی نەفسی ئەمارەم

لە دەست ئەم مارە بەدچارە، چیە چارم خودا چارەم. (مەحوی، ١٩٧٧، ل٢٢٨).

ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان شیعرە عیرفانیەکانی هەریەک لە مەحوی و صافی هیرانیدا وەک دوو شاعیری قوتابخانەی شیعری سۆفیگەری، مەحوی سکاڵا لە دەست (نەفس)ی دەکات و بە سەرچاوەی خراپەکاری داناوە، بەڵام صافی سکاڵا لە دەست (دڵ)ی دەکات، دڵ لای عاریفەکان ئەگەر پاک و بێگەرد بوو جێگەی نورو تەجەلای خوای

گەورەو شوێنی بڕیاری کاری باشە، بەڵام ئەگەر نەفس و دڵی پیس کرد ئەوکاتە دەبێتە پاڵنەری سەرلێشێواندن و خراپەکاری، بەکارهێنانی نەفس و دڵ لە فەرهەنگی سۆفیگەریدا ماناو مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە. (کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣، ل٤٧٧-٤٧٨-٩٧٧-٩٧٨).

هەروەها شاعیر مەلا پەرێشان سکاڵا لە دەست نەفسی خۆی دەکات و بە پیس و خراپەکار ناویبردووەو دەڵێت:

تابعی هەوای نەفس لەئیم بیم
ئەسیر کەمەند دێو ڕجیم بیم
عاری ژ سوحبەت قەوم خسوس بیم
ڕەفیق نائەهل ڕزل و لصوص بیم. (مەلا پەرێشان، ٢٠١٥، ل٨٨.)

ئەم شاعیرە عارفەش سکاڵای حاڵی خۆی لە دەست نەفسی بەدخو دەکات و دەڵێت بەهۆی دەروونی خراپەوە بوومەتە هاوڕێی خەڵکی خراپەکارو دز و لە ئەهلی عیرفان خواناسی دوورکەوتومەتەوە.

چوارەم/ ڕاکردن و دوورکەوتنەوە لە دنیا: سۆفیگەری وەک قوتابخانەیەکی ئاکاری و دەروونی لە ڕۆژێکەوە دەرکەوتووە وەک پرۆسەیەکی پەرەوەردەیی و ڕۆحی، لە کاردانەوەی سەرکردنە دونیاو پشتگوێخستنی لایەنە ڕۆحیەکانەوە سەریهەڵداوە، بە واتایەکی تر کاری ڕیبازە سۆفیگەریەکانە پەروەردەی دەروون و ڕاهێنانی مرۆڤە لە دوورکەوتنەوە لە جیهانی مادی و سەرکردنە دنیا، هەربۆیە ئەم مەنهەنجە لەناو ئەدەب و شیعرو بەرهەمی شاعیرە عاریفەکاندا ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە. (الجروستانی، ٢٠٠٠، ص١٤٣).

پێنجەم/ ئاڵۆزی و ناڕوونی لە دەربڕیندا: شاعیرانی بواری عیرفانی خاوەنی کەلەپورێکی زمان و دەربڕینی تایبەت بەخۆیانن، زمانی عاریف زمانێکی سادەو ڕووکەشی نیە، لای عاریفەکان ئەوان واتای زاراوەکان

دیاریــدەکەن، نەک وشــەکان خــاوەنی مەدلــولی تــایبەت بەخۆیــانن و قسەکەر لەکاتی دەربڕیندا هەڵیانبژێرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی. (فتاح ۱۹۹۳، ۷۷. والجروستاني، ۲۰۰۰، ص۱۳۷).

نــاوەرۆکی ئەدەبــی ســۆفیگەری فەلســەفەو ڕەوشــتە، نــزاو پــاڕانەوەو ئامۆژگاریە، زوهدو دنیانەویستیە، لای سۆفیەکان دنیا ڕێڕەوی بەرەو خواچوونە نەک شـوێنی مـانەوە، ژینـی دنیـا پڕیەتـی لە بەڵاو مەترسـی، خودی دنیایە بەربەستی گەیشتنە خودا، ئەدەبی سۆفیگەری پڕیەتی لە باسی خواو گەیشتنە مەقامی کۆتـایی، شـیعری سۆفی مۆرکی تـایبەتی هەیە، ئەم جۆرە ئەدەبە پڕ لە باسی عەشق، عەشقێکی سەرڕێژ لە سزاو بێهیوایی، هەندێجار پڕە لە ئومێدو ئاوات بەخشش. (البرزنجي، ۲۰۲۲، ص۹).

**باسی یەکەم: ڕەنگدانەوەی عیرفان لەناو شیعرەکانی صافی هیرانیدا**

بەو پـێەی صـافی هیرانـی پەروەردەی نـاو تەکیە و مـزگەوت و کـۆڕی دەروێشـان بووە، ئەدەبیات و زاراوەی سـۆفیگەری ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە لەناو شیعرەکانیدا، هەرئەمەش سیمای شـیعری سـۆفیگەری لەنـاو شیعرەکانیدا زیاتر کـردووە، ناوهێنـانی شـێخانی تەریقەتـی وەک شـێخی گەیلانــی و بــازی ئەشــهەب و زۆرێکــی تــر لە ڕابەرانــی ڕیبــازە سۆفیگەریەکان، لە دێرە شیعرێکدا ئەڵێت:

ئومێدی زۆر هەیە صافی نەجاتی بێ لە غەم چونکە
دەلیل مەولا و ئەحمەد یاوەر و یاری بازی گەیلانە. (هیراني، ۲۰۱۵، ل۹٥).

هەروەها لە دێڕە شیعرێکی تردا ئەڵێت:

ئەگەر صافی مەرامت هاتنەوەی یارە بڵێ دائیم
مەدەد یا مصطفەفای شامی، دەخیل یا شاهی بەغدایی. (هیراني، ۲۰۱۵، ل۳۰۱).

هەروەها ناوهێنانی مەی و مەیخانەو مەستی و سەرخۆشی و پیاڵە و جامی شەراب، یەکێکی ترە لە سیما هەرە دیارەکانی شیعری سۆفیگەری، ئەم سیمایەش ڕەنگدانەوەی زۆری لەناو شیعرەکانی صافیدا هەیە، لە چامەیەکیدا ئەم خەسڵەتە بە چڕوپڕی باسکردووەو ئەڵێت:

دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا
گوێی لە دەنگی سازو عود و بەزمی نای و نەی دەکا
سەردەمێ مەست و خومارە خادیمی مەیخانەیە
وەقتی تەسبیحی لەدەستە صۆفیە حەی حەی دەکا
ڕۆژی وایە هەر بە کەیف و پێکەنین و خەندەیە
بەعضە جار مەجنوونە دائیم گریە بۆ لەیلەی دەکا
بەعضە جاران (عالم و عامل و عابد) خۆیەتی
وەقتی جەهل و فیسقی زۆرە عالەمی لۆمەی دەکا. (هیرانی، ٢٠١٥، ل١٧٨-١٧٩).

زاراوەکانی: (فیراق، مەی، مەست، خومار، خادیم، مەیخانە، تەسبیح، صۆفی، حەی حەی، عالم، عامل، عابد) ئەو زاراوانەن کە عاریف و سۆفییەکان لەناو زیکر و شیعر و ئەدەبیاتی خۆیان زۆر بەکاریانهێناون، صافیش وەک یەکێک لە عاریفەکانی ڕێگای عیرفان ئەم زاراوانەی زۆر دووبارکردوەتەوە لەناو شیعرەکانیدا. (کەسنەزانی و بەرزنجی، ل٢١ بە دواوە).

لێکۆڵەرێکی وەک د.مارف خەزنەدار پێی وایە صافی وەک جەلالەدینی ڕۆمی و مەلای جزیری و مەحوی نەچووەتە ناو چوارچێوەی سۆفیزم، بەڵکو لە وەسف و پێ ناسین و لێکدانەوەو بەکارهێنانی زاراوەی سۆفیزم سەرکەوتوو بووە. (خەزنەدار، ل٣٢٩).

یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی شیعری عیرفانی ئەوەیە کە عاریفەکان زۆر ئاماژە بە ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) دەکەن لەناو

بەرهەمەکانیاندا، بەتایبەتی ئەو ئایەتانەی کە ئاماژەی عەشقی حەقیقی و ڕەهەندی ڕۆحی تێدایە، ئەم خەسڵەتەش لای صافی هیرانی بە ڕوونی هەیە، بۆ نمونە:

ڕۆح مەستە لە ڕاحی تۆ لە نێو عالەمی ئەرواح

باطین لە (بلی) دایەو و ظاهر لە (نعم)دا. (هیرانی، ٢٠١٥، ل٢٦٠).

واتە: ئەی خودای گەورە ڕۆحی من بە تەجەللای تۆوە مەست و ئارامە کە لە ڕۆژی پەیماندان‌دا تۆ فەرمووت: (ألست بربكم قالوا بلی...) (سورة الاعراف:١٧٢). ئەو ڕۆژە بە دیدارت شادبوین و لەو کاتەوە من بە گیانم مەست و ئارامم.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ئاسمان حەسرەت لە بۆ ئەرضی دەکێشێ دائیما

چونکی بورجی ڕۆژ و مەهـ چاکی گریانی تۆوە

سیڕی (سبحان الذي أسرى...) نیشانەی شاهییەت

طرەیی خەتمی ریسالەت خەتمی فەرمانی تۆوە. (هیرانی، ٢٠١٥، ل٢٧٣-٢٧٤).

ئەم دوو دێرە شیعرەی صافی جوانترین شیعرە کە بۆ گەورەیی و خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ) وتراوە، شاعیر دەڵێت: ئەی پێغەمبەر(د.خ) ئاسمان ئاخ و حەسرەت هەڵئەکێشێ و ئێرەیی بە زەوی دەبات کە خوای گەورە تۆی لە زەوی و لەسەر زەوی هێناوەتە بوون و ئەو شەرەفە بە زەوی بڕاوە کە تۆ بەسەریدا هاتوچۆ دەکەی، بەرزبوونەوەو شەورەویت بۆ لای پەروەردگار لە شەوی میعراجدا بەڵگەی گەورەیی تۆیە، هەروەها کۆتایی هاتنی پەیامی ئاسمانی بە پەیامی تۆ یەکێکی ترە لە نیشانەکانی گەورەیی تۆ ئەی پێغەمبەر(د.خ).

صافی لە دێرە شیعرێکیدا خۆی بە ئەهلی تەکێ و خانەقا داناوەو دەڵێت:

لەبەر مەیلی مەیی عیشقی تووە یاری وەفادارم
لە تەکیە و خانەقا دەرچووم خەریکی دەیرو زیننارم. (هیرانی، ٢٠١٥، ل١٩٤).

شاعیر ڕووی لە مەعشوقەکەی دەکات و بە وەفادار وەسفیکردووە و دەڵێت: لەبەر مەستی بە لە پێناوی عەشقی تۆدا وازم لە تەکێ و خانەقا هێناوە کە جێگەی زیکری عارفانن، لە دین وەرگەڕاوم بوومەتە مەسیحی ڕووم کردووەتە دەیر و لەبەرکردنی زیننارى مەسیحیەکان، واتە لە حاڵەتی ئاسایی دەرچووم و ڕووم کردووەتە حاڵ و مەسلەک و دەمەوێت پلەکانی عیرفان ببڕم.

**باسی دووەم: خواناسی و توانەوە لە عەشقی خواییدا**

ئەم شاعیرە عارف و خواناسە ئەوەندە تێکەڵاوی خۆشەویستی خوا بووە، لەناو ئەو دەریایی خۆشەویستیەدا تەواو تواوەتەوە و تەواو خۆی لە یاد کردووە، شاعیر دەریایی سۆزو میهرەبانی خوای بە چاوی سەر بینیوەو بەلایەوە وابووە کە میهرەبانی خوا ئەوەندە زۆر و بەرفراوانە ئەگەر تەنها لاپەڕەیەکی ئەو میهرەبانییەی خوا بۆ مرۆڤایەتی لە دنیادا دەربکەوێت ئیتر کەس سوجدە بۆ خوا نابات و هەموویان بەهۆی فراوانی دەریایی لێبوردن و ڕەحمی خواوە چاوەڕێی بەهەشت و لێبوردنی خوا دەکەن و دەڵێت:

ئەوەندەم (عجز) و شادی و وەصڵ و هیجران دیوە ئەی یاران
لە ڕۆژی حەشردا ئەصڵا نە حاجەت جەننەت و نارم
لە صەفحەی عیشقەوە گەر (سر)ی ڕەحمت بێتە نێو عالەم
هەتا مەحشەرم چ کەس سەجدێیەکی نابا شاهی غەفارم
لە جیلوەی نەفی ئیثیاتی تۆ وەک صافی بە ڕۆژ و شەو
دەمێ بێ هۆش و سەرمەستم، دەمێ بێدار و هۆشیارم. (هیرانی، ٢٠١٥، ل ١٩٦-١٩٧).

شـاعیر خـوای گەورە وەک کەسـێکی بە سـۆزو میهرەبـان و خـاوەنی ڕەحمـی زۆر دەبینـێ، هەربـۆیە نـزاو سـرپەی لەگەڵـدا دەکـات و دەڵێت:
ئەی خوای بەهۆی خۆشەویستی تۆوە لە دنیادا هەستم بەخۆشـی زۆر کـردووە و لە قیامەتـدا پێویسـتم بە بەهەشـت نـیە، هەروەهـا بەهـۆی نالەبارییەکـانی دنیـا و دووری خۆشەویسـتەوە هەر لە دنیـادا ئەوەنـدەم ناخۆشی بینیوە پێویستم بە چوونە دۆزەخ نییە.

نهێنـی (سـڕ)ی میهرەبـانی خـوا کەس لێـی تێناگـات و پەی پێنابـات، هەربۆیە خوای گەورە ئاشکرای نەکردووە هەتـا بەندەکانی بێباک نەبن لە سوجدە بردن و پاڕانەوەی بەردەوام، خوایەک کە (غەفار)بێت ئیتـر چ باکم هەبێت و لێم خۆشدەبێت.

بەهۆی تیشک و ڕوناکی تۆوە ئەی خوایە کە عاریفەکان هەندێ کات هەسـت بە بینینـت دەکەن و هەنـدێجار دوورن لە بینینـی نـوری تـۆوە، وەک موسا لە کێوی (طور) لە هۆشـی خـۆی چـوو، پاشـان بێداربوەوە، منیش وام لێهاتووە، هەندێ کات بەهۆی تەجەللای نوری تۆوە بێهۆشـم و هەندێجار بێدارم.

نوور و خۆشەویستی خوایی بە دوو ڕێگە دەکەونە دڵ و دەروونی سـۆفیەکانەوە، یـا ئەوەتە ڕاسـتەوخۆ ئەو نـوورە دەڕژێـتە دەروونەوەو هەموو تەمومژێک دەڕەوینێتەوە، یاخود لە ڕێگەی خوازراوەوە دەبێت، جا ئەوەی گیرۆدەی عەشقی مەجازی بێت و سنووری خوا نەبەزێنـێ و بیر لە کانگای ئەو جوانییە بکاتەوە کە پابەندی بـووە، ئەوسـا تێدەگات کە دولبەری مەجـازی هێندە جوانبێت، دەبێت دولـبەری هەقیقی چەنـدە جوانبێـت کە کانگـای جـوانییەو ئیـدی بەرەو عەشـقی هەقیقـی دەڕوات، مەولانای ڕۆمی وتویەتی: عەشق بەهەر شێوەیەک بێت بەرەو خـوای بە توانا دەگەڕێتەوە. (شوان، ٢٠٢١، ل٢٢).

شاعیر کلاسیکی کوردی مەلا پەرێشان عەشق و خۆشەویستی خۆی بۆ خوای گەورە دەردەبڕێت و دەڵێت:

چ حاجەت وەک (خولد) حوورو قوصوورەن
من خودپەرس نیم دۆسم مەنظورەن
زاهید تۆ و حوور و بەهەشتی بەرین
من و خاک کۆی دڵروبای دێرین. (مەلا پەرێشان، ٢٠١٥، ل٦٦-٦٧).

ئەم شاعیرە عارفە هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ خوای گەورە دەردەبڕێت و دەڵێت من کە خواپەرستی دەکەم بۆ حۆری و پاداشتی بەهەشت نییە، بەڵکۆ من چاو لە خۆشەویستەکەمە کە خوای گەورەیە و تەنها ئەوم مەبەستە، بەهەشتی بەرین و خۆری بۆ ئەو زاهیدانەی کە خواپەرستی بۆ ئەو مەبەستە دەکەن.

**باسی سێیەم: کەنارگیری و زوهدو دوورە دنیایی**

عاریفەکان دنیا بە شوێنی گوناهکردن دەزانن و هەموو کات بە چاوێکی تەڵخەوە سەیری دنیا دەکەن، چونکە خۆشەویستی دنیاو ئارەزووەکانی دەروون و خواستەکانی دڵ هەرگیز تێر نابن و بەردەوام داوای زیاتر دەکەن، هەر ئەمەش سەرچاوەی گوناهو تاوان و دوورکەوتنەوەیە لە خوا لە دیدگای عاریفەکانەوە، ڕاکردن لە هەوای دەروون خواستەکانی دڵ نزیک بوونەوەیە لە خوا، شاعیر صافی هیرانیش وەک عارفێکی ڕێگای حەقیقەت بەو چاوەوە سەیری دنیای کردووەو لە شیعرێکدا دەڵێت:

پێی دەڵێم ئەی دڵ وەرە ئێرانی یا تورانی بە
ئەو لە بەینی هەردوو جێگا ڕوو لە دەشتی ڕەی دەکا
دڵ نازانم شێتە یا سەرخۆشە یا دێوانەیە
یا ئیلاهی ئیشی وا عەکسی بە من تاکەی دەکا

دوور لە یارە دڵ لە بۆیێ بێ ثەباتە صافیا
تاکو لەم سەگ مەرگە دابێ ئیختیاری وەی دەکا. (هیرانی، ٢٠١٥، ل١٨٠)

صافی سکاڵا دەکات لە دەست دڵی خۆی دەکات کە داوای ئێران و توران و دەشتی ڕەی لێ دەکات، واتە داوای باوەشکردن و بە دنیاداو پشتکردنە دنیای عیرفان و خواناسی لێکردووە، هەربۆیە دڵی خۆی بە شێت و دێوانەو مەست و سەرخۆش ناودەبات، بۆیە کاری پێچەوانەی ڕێگای حەقیقەتی پێدەکات، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە دڵ بێ ئاگایە لە خوا و ڕاوەستاوی نییە، هەر بۆیە تووشی هەڵپە و ڕاڕایی و ناجێگیری بووە، شاعیر دەڵێت هەتا لەم (سەگ مەرگ)دا واتە: هەتا لەم دنیایەدا بێت کە جێگەی خراپەکاری و ژیانی (سەگانە) هەر بەو جۆرە دەمێنێتەوە و تەنها چارەسەر ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ ژیانی جاویدانی قیامەت.

شاعیر لە چامەیەکی تردا وەک کەسێکی عارف خواناس سکاڵا لە دەست کات و سەردەمی کەچ ڕەفتار دەکات و دوورکەوتنەوە لەو دۆخە و دوورە پەرێزی بە ڕێگای ڕزگاری دەزانێت و دەڵێت:

دووبارە چەرخی کەچ ڕەفتار بە کینەی من هەستاوە
چ سووچی من نیە وا خووی بەدی لەسەرماوە
تەسەللی عاشقان چۆن دێ لە دەورانی فەلەک (هیهات)
کە ئەم ئاشووبە ئێستەکێش لە بەینا صوڵحی نەکراوە
بینایم کەم بووە یا ڕۆژی هیجرانە تارییە یاران
سیایی طالعی عوشاقە یا زوڵفی پەشێواوە
هەتا دەگاتە:
لەلاییکی جەفای یارو لە جاییکی بەڵای ئەغیار
(تجنب) لازمە (صافی) چ لەملاوە چ لەولاوە. (هیرانی، ٢٠١٥، ل٢٧٠-٢٧١).

یەکێک لە تایبەتمەندی عاریفەکان ئەوەیە کە هەموو کات دنیا بە جێگەی شەڕو خراپەکاری دەبینن، هەروەها خەڵکی بە گشتی ئەوانەی دوورن لە جیهانی صۆفیگەری عیرفان بە خراپەکار سەیر دەکەن، لە جیهانێکی وەهادا خۆیان بە غەریب و نامۆ دێتە پێشچاو و لای ئەوان وایە کە خەڵکی لە زمانی حاڵیان تێناگەن، ئەو جیهانە ڕۆحی و عیرفانیەی کە عارفەکانی تێدایە چێژێکی خۆشی تێدایە هەتا ئاستی مەستبوون و خۆ لە یادکردن، بەلایەنەوە سەیرە کە هەموو خەڵکی نابێتە سالیکی ڕێگای حەقیقەتی ئەوان، هەر ئەوە هەموو کات سکاڵا لە بەدکرداری خەڵکی و تاریکی دنیا دەکەن.

صافی لە کۆتایی کۆپلە شیعرێکیدا ئاماژە بەوە دەکات بە هۆی بێزاری و گریان و زاری زۆریەوە هەموو خەڵکی لێی بێزار بوون و چارەسەری تەنها ئەوە کاروباری بداتە دەست خوای گەورەو تەنها ڕووی لەو بێت و دەڵێت:

عالەمت بێزارە لێ (صافیا) لەبەر زاری بەسە

مەقصەدت (تفویض) بکەو بۆ خالقی پەروەردار. (هیرانی، ٢٠١٥، ل١٧٨).

وشەی (تفویض) دانەپاڵ خودا، یان گێڕانەوەی بۆ لای خوا، شتێکە کە مرۆڤ توانای لێکدانەوەو تێگەیشتن و چارەسەرکردنی نییە و لێکدانەوە و چارەسەری دەگێڕنەوە بۆ لای خوا، صافی گیرۆدەی دەستی دنیایە و کە نە خۆی توانای لێکدانەوەی هەیە و نە کەسێک دەتوانێت لە زمانی تێبگات و بۆی چارەسەر بکات، باشتر وایە ڕادەستی خوای بکات.

**باسی چوارەم: خولیای گەڕانەوە بۆ ژیانی ئەبەدی**

لای عارفەکان دنیا شوێنی ئازارو دەردەسەری و کوێرەوەیە نەک شوێنی ئارامی حەوانەوە، چونکە لە دنیادا مرۆڤتایەتی لە دوو حاڵەت بەدەر نیە، یان

بێ ئاگایە لە خواو تێکەڵاوی دنیای فانی بووە، ئەمەش هەمووی تاریکیە لای عارفەکان، یان ئەوەتە تێکەڵاوی عەشقی حەقیقی بوون و سوتاون لە پێناوی ئەو عەشقەداو بوونەتە زوخاڵ، ئەمەش هەر ئازارو سووتان و ناخۆشیە، وەکو دەڵێت:

به کینەی من دووبارە چەرخی کەچ وا کەچمەداری کرد
منی بێ طالیعیش بەو نەوعە گەر دەوران نەکەم چبکەم
بەبێ یارم حەیات تەڵخ و ئەجەل شیرینە ئێستێکە
لە عیدا گەر ڕوحی شیرینی خۆم قوربان نەکەم چبکەم
ئەگەر دەرمان نەکا بیماری بێ دڵ بێ وەفا یارم
لە دەردی بێ دەوا گەر چاوەڕێی لوقمان نەکەم چبکەم
وەکو یوسف لە زیندانی غەما حەبسی عەزیزێکم
لەبۆ (تسکین)ی جارێ ڕوو لەلای کەنعان نەکەم چبکەم
طبیب نێت و دەوای دەردم نەدا چارم نیە صافی
بە مردن گەر عیلاجی دەردی بێ دەرمان نەکەم چبکەم. (هیرانی ٢٠١٥، ل١٩٩-٢٠٠)

شاعیر ئەوەندە بێزارە لە ژیانی دنیاو بێبەختی خۆی هاتنی ئەجەل و مەرگی خۆی بە شیرین و قۆناغی ڕزگاربوون ناودەبات، چونکە دەردەکەی ئەوەندە سەخت بووە پێویستی بە هاتنی لوقمانی حەکیمە هەتا چارەسەری بکات، ئەو دنیا بە زیندانەکەی یوسف ناودەبات و لە دنیادا گیرۆدەی حوکمە نابەجێکانی عەزیزی میسر بووە، وڵاتی میسر (کنعان) کە هێمایە بۆ عەشقی مەجازی یوسف و زولێخا، شاعیر حەز دەکات ڕو بکاتە ئەو وڵاتەو دەرسی عیشق بخوێنێ و ئارامی دڵ لەوێیە، ئەگەرنا تەنها چارەسەری ئەوەیە مردن هەڵبژێرێت و بگەڕێتەوە بۆ ژیانی حەقیقی دوور لە هەموو ئازارو ناخۆشیەک.

هەر لەمبارەیەوە شاعیری عارف و خواناس حەزرەتی مەحوی فەرمویەتی:

بەجێماوم لە یاران، نا بەجێماوم، ئەجەل زووبە
بە مردن لەم قوصوری ژینە ئیستیعفا نەکەم چبکەم؟(مەحوی، ١٩٧٧، ل٢٣٣).

مەحوی سکاڵای دڵی خۆی دەکات کە لە کاروانی عارفەکان بەجێماوە، ئەوان هەموویان گەڕانەوە گەیشتن بە ژیانی حەقیقی خۆیان، تەنها من بەجێماوم لەو کاروانەو مردن منی بە شایانی گەڕانەوە نەزانی، هەربۆیە داوا دەکا ئەجەل زوو بێت لەم ژیانە ناتەواو دوور لە ئارامی دەروون و دڵە ڕزگاری بکات، چونکە مردن تەنها چارەسەری دەردی عارف و خواناسەکانە.

## کۆتایی توێژینەوە

دوای ئەم توێژینەوە توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە صافی شاعیر عارفێکی خواناس بووەو زۆرێک لە شیعرەکانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو پەروەردە خواناسی و عیرفانیەی کە شاعیر تێدا پەروەردە بووە، چ لە ڕووی زمان و زاراوەوە، چ لە ڕووی هەستی دەروونی و لایەنی کوڵی دڵیەوە.

هەروەها شاعیر تەواو لەناو عەشقی حەقیقی و عیرفانیدا تواوەتەوە، ئەو عەشقەی کە مرۆڤ جیهانی مادی لە یاد دەکات و لە هەموو هەستەکانی خۆی دادەبڕێت تەنها ئاگای لە خوای گەورەیەو لەناو خۆشەویستی خوادا تواوەتەوەو خۆی لە بیرکردووە.

شاعیر زۆر بێزار بووە لە ژیانی دنیا و خراپەکاری مرۆڤەکان، هەربۆیە حەز دەکات لەو جیهانە ناشیرن و پڕ لە گوناهە دابڕێت و لە گۆشەی تەکێ و خانەقاندا خۆی پەنا بدات تەنها سەرقاڵی خواناسی و نزاو موناجات بێت، هەتا بەدووربێت ژیانی کاتی دنیای پڕ لە تاوان و گوناهکاری.

ئەو ژیانی وابینیوە بەهۆی دنیای کەچ ڕەفتارەوە کە هەر ڕۆژەی بە کەیفی کەسێکەو هیچ کاتێک بە خواستی عارفەکان نەگەڕاوە، شاعیر گەیشتوەتە ئەو بڕوایەی کە کەس چاری دەردی ناکات و تەناتەت لوقمانی حەکیمیش توانای

دۆزینەوە دەردەکەی نیە، هەبۆیە داوا دەکات ئەجەلی شیرین بێت بە مردن لەم ژیانە ناتەواوە پڕ لە کوێرەوەریە ڕزگاری کات و بگەڕێتەوە بۆ ژیانی حەقیقی و دیداری خۆشەویستان.

## لیستی سەرچاوەکان


القرآن الكريم.

١ـ ئیبراهیم احمد شوان، دکتۆر، شیعری سۆفیانە لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، چاپی یەکەم٢٠٢١، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

٢ـ ئیبراهیم ئەحمەد شوان، دکتۆر، سۆفیگەری شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردیەکانی مەحویدا، چاپی دووم٢٠٠١ هەولێر.

٣ـ بوشرا کەسنەزانی دکتۆر، و صەباح بەرزنجی، دکتۆر، فەرهەنگی پیران سەبارەت بە زاراوەی تەسەوف و عیرفان، چاپی یەکەم ٢٠٢٣، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٤ـ صافی هیرانی، دیوانی صافی هیرانی، ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی، چاپی دووەم ٢٠١٥ هەولێر.

٥ـ صباح البرزنجي، الدكتور، مقتطفات فكرية، الطبعة الأولى٢٠٢٢، مركز الزهاوي للدراسات الفكرية، السليمانية.

٦ـ عبدالوهاب الچروستانی، الدكتور، شعر التصوف بين الأدبين العربی والكردی، الطبعة الأولى ٢٠٠٩ السليمانية.

٧ـ عرفان عبدالحميد فتاح، الدكتور، نشأه الفلسفه الصوفية وتطورها، ١٩٩٣، دار الجيل- بيروت.

٨ـ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، دکتۆر، سۆفیزم لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٠٧) ئەیلولی ١٩٨٥.

٩ـ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، دکتۆر، ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) شاعیرو بیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی، چاپی یەکەم ٢٠٠٨سلێمانی.

١٠ـ مارف خەزنەدار، دکتۆر، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ ٢٠٠٥، دەزگای ئاراس- هەولێر.

١١ـ مەحوی، دیوانی مەحوی، ئامادەکردنی: مەلا عبدالکریمی مودەڕس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم ١٩٧٧ بەغداد.

١٢ـ مەلا پەرێشان، دیوانی مەلا پەرێشان، ئامادەکردنی: ڕێبوار حەمە تۆفیق، چاپی یەکەم٢٠١٩، سلێمانی.

## ملخص البحث باللغة العربية

## تأثيرات الأدب الصوفي في الأشعار الكردية للشاعر صافي هيراني

فمنذ القدم نجد الشعراء الكرد بسبب دراستهم في المدارس الدينية و كون غالبيتهم من أتباع الطرق الصوفية و مريديها، قد استلهموا أفكارهم من معين الفكر الصوفي و العرفاني. الأمر الذي أدى الى تحول الرموز والمصطلحات الخاصة بالتصوف إلى أدوات أدبية منتشرة تؤسس لأدب عرفاني رفيع، بصورة لافتة فى دواوين الشعراء الكرد.

ويعد صافي هيراني وهو عالم ديني تربى في المسجد و التكية الصوفية وفي وسط أسرة صوفية عريقة، واحدا من أبرز الشعراء المتصوفين المنتمين الى الطريقة القادرية، وقد انعكس الادب الصوفي في مرايا أشعاره مثلما تجلت الافكار الصوفية في شخصيته. فالتصوف و الصفاء الروحي و النفسي و المناجاة مع الحق و الذوبان في العشق الحقيقي والفرار من العالم المادي الحافل بالمعاناة و الاتعاب الروحية إلى عالم الروح الرحب و الاطمئنان النفسي كل ذلك من معالم شعره وأدبه.

والورقة البحثية التي بين أيدينا محاولة علمية لارتياد عالم التصوف و العرفان و تجلياته في شعر هذا الشاعر الفذ، آملين ان تكون خطوة ذات جدوى لدراسة ديوانه وتبرز أهمية الورقة في أنها تتناول جانبا مهما كالتصرف في ديوان هذا الشاعر الكبير، والذي لم ينل ما يستحق من الدراسة و التعمق، اما تساؤل الورقة فهو : هل يتضمن أشعار صافي الافكار الصوفية والعرفانية؟ وماهي هذه الافكار ؟ وبماذا تأثر الشاعر ؟ إذ الورقة تحاول الاجابة عن هذه التساؤلات.

**"The Influence of Sufi Literature on the Kurdish Poems of the Poet Saffi Herani".**


## Abstract

The core of Sufi and mystical philosophy has inspired Kurdish poets from ancient times، partly because of their education in religious schools and partly because most of them are adherents of Sufi groups and their pupils. As a result، Sufi vocabulary and symbolism have been widely adopted into literary devices that build profoundly mystical literature; examples of this may be seen in Kurdish poets' collections. Safi al-Din al-Hirani، a religious scholar who was raised in the mosque and Sufi lodge within a distinguished Sufi family، is considered one of the most prominent Sufi poets affiliated with the Qadiriyya order. Sufi literature is reflected in the mirrors of his poems، just as Sufi ideas are manifested in his personality. Sufism، spiritual and mental purity، communion with the Divine، melting in true love، escaping from the material world filled with suffering and spiritual toils to the vast world of the soul، and mental tranquilly—all of these are landmarks of his poetry and literature. The recent research paper is a scientific attempt to delve into the world of Sufism and mysticism and their manifestations in the poetry of this eminent poet، hoping it will be a fruitful step towards studying his collection. The importance of the paper lies in addressing an important aspect، such as dealing with the collection of this great poet، which has not received the attention and depth it deserves. The paper's question is: Does Safi's poetry contain Sufi and mystical ideas? What are these ideas? And what influenced the poet? The paper seeks to answer these questions.